گـۆڤـاری زانـکۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(4).Paper6
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٣/٠١/٠٢
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/٠٣/٠٤
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٠٨/٢٩

# ڕۆڵی خانەکانی ئیلخانی فارس لەبڵاوبونەوەی ئایینزای شیعە لە سەردەمی مەغۆڵ

**گۆران عبدالله حمە علی داسنی[1] - نیرکس بایز حمد[2]**

nergz.bayz@koyauniversity.org - goranabdulla593@gmail.com

[1]کتێبخانەی ناوەندی زانکۆ، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]بەشی مێژو، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە

وەک هەمو نەتەوە و گەلێک، لەنێو مەغۆڵدا ئایین ڕۆڵ و کاریگەری خۆی هەبوە، ئایین گەلێکجار بۆتە بنەماییێکی سەرەکی ژیان، یاخود بۆتە هۆکاری یەکخستن و ڕێکخستنی کۆمەڵگا و تەوەری کۆکردنەوەی هەموان و بەلاخستنی کێشەکان. لەنێو زۆربەی گەلانی دونیا چ لەسەردەمانی کۆن و چ لەسەردەمی هاوچەرخدا گۆڕانکاری ئایینی ڕودەدەن، بەڵام ئەو گۆڕانکاریانە زۆربەی جار بە ڕژانی خوێن و فیتنەی گەورە دەستپێدەکات و ئەنجامی نەرێنی لێدەکەوێتەوە، چونکە سروشتی مرۆڤەکان وایە، ناتوانن بەئاسانی دەستبەرداری ئایین یاخود ئایینزای خۆیان ببن، بۆیە لەئەنجامی ململانێی ئایینیدا گەلێکجار ململانێی سیاسی لێدەکەوێتەوە، ناکۆکییەکان تا ئاستی شەڕ و ڕژانی خوێن بردەکەن، بیانوی ئایینی دەبێتە هۆکاری گۆڕانکاریی سیاسی و ڕوخانی سیستەمی حوکمڕانی و لەدەست دەرهێنانی دەسەڵات.

لەو توێژینەوەیەدا، مەبەستمان ڕونکردنەوەی ڕۆڵی خانەکانی ئیلخانی وڵاتی فارسە، لە چۆنیەتی ڕوانینیان بۆ ئایین و ئایینزاکان و بڵاوکردنەوەی ئایینزای شیعە و ململانێی ئایینزای سونی. یاخود قبوڵکردن و ڕەتکردنەوەی ئایینزاکەیە لەلایەن دەسەڵاتداران، لێککەوتە و دەرئەنجامەکانی بەسەر سیاسەت و شێوازی حوکمڕانیان لەو قۆناغەدا. هەرچەندە لەنێو خودی گەلانی مەغۆل بەشێوەیەکی گشتی ئایین تەوەرێکی سەرەکی ژیان و ژیاریان نەبوە، تا ببێتە هۆکاری کەرتبون و پەرتبونیان، بەڵکو جۆرێک لەئازادی ئایینی لەنێویاندا بونی

هەبو، بەڵام بەتێکەڵبونیان بەجیهانی ئیسلام، دەبینین گەلێک لە خان و دەسەڵاتدارانی مەغۆل بون بەوابەستەی ئایینێکی دیاریکراو، هەندێکجار دەبون بە ســـەپێنەری ئایین و ئایینزاکە، بەســـەر ئەو ناوچانەی حوکمڕانیان دەکردن، دەخوازین بزانین، ئەو گۆڕانکارییە ئایینی و ئایینزاییە مەغۆلی بەکوێ گەیاند و چ ئەنجام و بارودۆخێکی هێنایە گۆڕێ، تا چ ڕادەیێک لەبەرژەوەندی یا زیانی مەغۆل و حوکمڕانییەکەیان شـــکایەوە و ئایینزاکان بەچیانگەیاندن.

**کلیله وشەکان:** ئایینزا، ململانێ، ئیسلام، مەغۆل، ئیلخانی، شیعە.

## پێشەکی

چەندین باس و لێکۆڵینەوە ســـەبارەت بە بابەتە جیاجیاکانی مەغۆل باســـکراون، بەڵام گۆڕانکاری ئایینی و گۆڕینی ئایینزاکانی مەغۆل لەنێو مەغۆل و خانەکانی ئیلخانی مەغۆل لەوڵاتی فارس باســـنەکراون، یاخود بەرچاومان نەکەوتون، لەو بوارەدا بابەتێکی ســـەرنج ڕاکێش و پێویســـت بو، بۆ توێژینەوەیێکی زانســـتی. توێژەرانی کورد لەو بارەیەوە شـــتێکی ئەوتۆیان تۆمارنەکردوە، هیچ بابەتێکی تایبەتمان نەبینی ســـەبارەت بەڕۆڵی خانەکانی ئیلخانی فارس و ململانێی ئایینی نێو خانەکانی مەغۆل. ئەو مەغۆلانەی جگە لەشـــەڕ و داگیرکاری، کاولکردنی ئەو شورا و قەڵا و شارانەی دەستیان بەسەردادەگرت، چیتریان لا گرنگ نەبو، بەڵام بەتێکەڵبونیان بەجیهانی ئیسلامی و شکستی گەورەیان لەبەردەم لەشکری موسڵمانان و شەڕی (عین جالوت 658ک/ 1260ز) وای لە دەســـەڵاتی مەغۆل کرد تا هەڵوەســـتەیەک بکەن، بگەڕین بەدوای ئەو هۆکارانەی وایکرد سوپای موسڵمانان بتوانێت شکست بەو لەشکرە بهێنێت، تا بزانن ئیسلام چییە؟ لەکاتێکدا دۆڕان لە فەلسەفە و باوەڕی مەغۆلدا نەبو.

ئامانجمان لەم توێژینەوەیەدا باســـکردنی بابەتێکی ئایینیە، کە لەزۆربەی ڕوداوەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا، ڕۆڵی کاریگەری هەیە، گەلێک ڕوداوی مێژویی ڕودەدەن، ئایین و ئایینزاکان وەک چەکێک بەکاردەهێنن، ئامانجمانە ڕۆڵی خانەکانی ئیلخانی فارس، لە بڵاوبونەوەی ئایینزای شـــیعە لەنێو کۆشـــکی دەســـەڵات و وەرچەرخانی لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیلخانیدا بخەینە بەرباس و هەڵسەنگاندن، شیکارێکی زانستیانە و مێتودیانەی بۆ بکەین.

توێژینەوەکەمان پشت دەبەستێت بە میتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستی مێژویی، بەپشت بەستن بە شیکردنەوە و هەڵســـەنگاندن و هەڵێنجانی ئەو ڕوداوانەی، لەنێو دوتوێی ســـەرچاوەکاندا، بە تێڕامان و وردبونەوە و پشـــت بەستن بە سەرچاوەکانی مێژو، دەقی نێو پەرتوکەکانی تایبەت بەو بوارە لێکدەدەینەوە و ڕاوبۆچونی خۆشمان لەو بارەیەوە تۆماردەکەین و دەخەینەڕو.

پێکهاتەی توێژینەوەکە بریتییە لە دەروازەیەک و دو تەوەر. لە دەروازەکەدا، باسـی ئەو مەغۆلانە دەکەین کە توانیان ئەو هەمو سەرکەوتنە بەدەستبهێنن، بەڵام لەبەردەم لەشکری ئیسلامدا توشی شکست بون. لە تەوەری یەکەمی توێژینەوەکەدا، باس لە شێوازی موسڵمانبونی خانەکانی مەغۆل و هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئیسلام و ئایینزاکانی دەکەین. لەتەوەری دوەمدا، باسـی خانەکانی مەغۆل و هەڵبژاردنی ئایینزای شـیعە و ململانێی ئایینزاکە بەرانبەر بە ئایین و ئایینزاکانی تر دەکەین، باسـی هۆکار و دەرهاویشـتەکانی ئەو ئایینزایەو دەرئەنجامەکانی تەشیع و کاریگەرییەکانی دەخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

بۆئەو مەبەسـتە، سـودمان لەسـەرچاوە هەمەجۆرەکانی مێژو وەرگرتوە، پشـتمان بە زۆرێک لە سـەرچاوە ڕەسـەنەکانی مێژو بەسـتاوە، کە لەو بوارەدا تۆمارکراون، کە ئاماژەمان بۆ سـەرچاوەکان کردوە لە لیسـتی سەرچاوەکاندا.

## دەروازە

توێژینەوە لە ژیانی گەلانی مەغۆل کارێکی وا ئاسان و سادە نییە، بەهۆی ئاڵۆزی و پشێوی ڕوداوەکان، ژیانی سـادە و خێڵەکیانە، ئەو هەمو کێشـمەکێش و ململانێ بەردەوامەی نێو هۆزە پەرت و بەربڵاوەکانی نێو ئەو کۆمەڵگایە، ئەوەی زیاتر توشـی تێڕامانمان دەکات، ئەو هەمو جەنگ و کوشـتارەی نێو خۆی هۆزە جیاوازەکانیان و تێکەڵەیەک لە مێژویاندا، بەئاسـانی ناتوانیت لێکۆڵینەوە لەبارەیانەوە بکەیت، تادەگەیتە دەرئەنجامی دروسـتکردنی هاوپەیمانی ئەو هۆزانە، یا ملپێکەچکردنیان لەلایەن جەنگیزخان و دروسـتکردنی نەتەوەیەک بەناوی (مەغۆل). جگەلەوەی مێژوی مەغۆل لێڵ و ناڕونە، بەهۆی ئەوهەمو خورافیات و ئەفسـانانەی تێکەڵ بەمێژوی مەغۆل کراون، کە گەلێکیان ناچنە باوەڕی مرۆڤەوە (العريني، 1986: 21)، نەخواسـە سـەبارەت بەئایینی مەغۆل، دواتر تێکەڵبونیان بەدەوروبەریان، بەتایبەت ئاوێتەبونی گەلێک لەخانەکانی ئیلخانی فارس و بون بەموسـڵمان بونیان، لەنێو ئیسـلامیشـدا ئایینزا جیاواز و تەنانەت دژبەریەکەکەی سونی و شیعی، ئەو ململانێ دور و قوڵەی لەنێوان ئەو دو ئایینزایەدا بونی هەبو.

گەلێکجار ناوی (تەتار) وەک هاوواتای (مەغۆل) بەکارهاتوە، یاخود جیاوازی لەنێوان ئەو دو ناوەدا ناکرێت. بەڵام تەتارەکان بریتینین لەمەغۆل، بەڵکو تەتار بەشـێک یا لقێکن لە مەغۆل، ئەوەش کاتێک جەنگیزخان توانی تێکیان بشـکێنێت و پیاوەکانیان بکوژێت و ژنەکانیانی کرد بە جارییە و منداڵەکانیان بون بە کۆیلە، بەوجۆرە خسـتنیە ژێر سـایەی حوکمڕانی خۆی و ئیمپڕاتۆرییەتێکی بەناوی مەغۆلەوە دامەزراند، نەک تەتار (الغامدی،1983: 54).

ســـــەبارەت بەئاييينيان، فرەئاييينى لەنێو مەغۆلەكان باوبو، هەرچەندە هەموان لەســـــەر ئاييينێک نەبون، بەڵام زۆربەيان باوەڕيان بەخودا هەبو، وەک مەنگۆخان (649- 658ک/1251- 1260ز) دەڵێت: ئێمە باوەڕمان بە خودای تاک و تەنها هەيە، بۆ ئەو دەژين و بۆ ئەو دەمرين، بەخۆشەويستی ئەو دڵمان ئارام دەبێ، بەڵام خودا پەنجەی جياوازی بەدەســـت بەخشـــيوە، بۆيە بەرنامەی جياوازيشـــی هەيە، ئينجيلی داوەتە مەســـيحييەكان و پارێزگاريان لێنەكرد (شـــامانس)ی داوە بەئێمە، فەرمانەكانی جێبەجێدەكەين، بەئاشـــتی دەژين (القزاز، 1970: 20-21). بەو دەربڕينەی مەنگۆخان بێت، ڕوانينيان بۆ شامانس ڕوانينێكی ئاييينی ئاسمانييە، كەواتا لەتێڕوانينی ئەواندا شـــامانس كتێبێكی ئاســـمانييە، هاوتای تەورات و ئينجيل و قورئانە، ئەوە لەكاتێكدا مەنگۆخان دان بە ئاسمانيبونی ئينجيل دەنێت وەک پەيامێكی خودايی.

بۆيە ئەوەی لەبارەی ئايينەوە دەوترێت مەرج نييە ڕاســـتبێت، بەڵام تێبينی ئەوەدەكەين مەغۆل باوەڕيان بەئازادی ئاييينی هەبوە، هەمويان پابەندی يەک ئايين و پەيامی ئاييينی نين. تەنانەت جەنگيزخان بۆ ئاييينێک ســـــەرگەرم نەبوە، بۆيە مەغۆلەكان ئارەزومەندانە ئاييينێكيان هەڵدەبژارد، هەيانە موســـڵمان بوە و هەيانە مەســـيحی، هەيانە بتپەرســـت، تەنانەت هەندێكيان لەســـەر ئايين و نەريتی باب و باپيرانيان ماوەنەتەوە (القزاز، 1970: 19؛ الخاليدی، د. ت: 33).

ئەوەی هەموان توشـــی ســـــەرســـــوڕمان دەكات، توانای جەســـــتەيی و هێزی لەڕادەبەدەری مەغۆلە، كە نەماندوبونيان دەزانی و نە سنورێک لەبەردەمياندا هەبو، نەبەزەييان هەبو، نەسۆزێک بۆ كەس، هەمو ئەو شار و شـارسـتانيەتانەيان لەژێرپێدا وێران دەبون كە بەسـەدان سـاڵ بنياتنرابون. نەئاييينێک لەلايان فەرميەتی هەبو، نەدەيتوانی جڵەوگيريان بكات، تەنها شـــتێک دەيتوانی ڕايانبگرێت ياســـــای جەنگيزخان بو، كە لەكۆبونەوەی قۆرليتايەوە ڕايگەياندبو. (الغامدی، 1983: 76). تەنانەت لەئايين زياتر ڕۆڵ و كاريگەری بەســـــەريانەوە هەبو، ئەو ياســـــايە (603ک/ 1206ز) بەجۆرێک داڕێژرابو، كە هيچ تاكێكی مەغۆل نەيدەتوانی لێی لابدات، بەهۆی توندی بڕيارەكانييەوە (الصـــاوی، ٢٠١٢: ٧٠). ياســـاكە پەيوەندی نێوان تاوانبار و تاوانلێكراوی ڕێكدەخســـت، نێوان ســـــەردار و ژێردەســـــتەكانی ديارێدەكرد و ســـــنوری بۆ دانابون. زيادەڕۆيی نييە ئەگەر پێمانوابێت مەغۆلەكان هێندە وابەستەن تەنانەت وەک پەيامبەرێک دەيانڕوانييە جەنگيزخان.

الخاليدی وای بۆدەچێت ئەوان ئاييينێكی دروســـتيان هەبوە، بەڵام بەتێپەڕينی كات شـــێواوە، كەچی جەنگيزخان جارێكيتر هات بەخەتی ئويغۆری نوســـيەوە و هەندێ شـــتی بۆزيادكرد، بەوەش ياســـايێكی نوێی داهێنا (د. ت: 35). بەپێی بۆچونەكەی الخاليدی، دەكرێت خودی ياســـاكە هێزی چەســـپاندنی لە ئاييينی كۆنيان وەرگرتبێت، چونكە دەبينين چەندە بەو ياسايەوە پابەندبون.

لەگەڵ دەرکەوتنیان و ڕوکردنە سـەر جیهانی ئیسـلامی، ترس و دڵەڕاوکێیەکی گەورەیان خسـتە ناوچەکەوە، بەجۆرێک ناوبانگیان بڵاوبۆوە کە هەرگیز توشـی شـکسـت نابن، بەوجۆرە تەنها بەخۆئامادەکردنیان بەر لە شاڵاوەکە، ترسیان دەخستە دڵی هەموان، لەو قۆناغەدا لە ئاسیای ئیسلامیدا هێزێک نەبو تا بتوانێت ڕوبەڕوی شـاڵاوی توندوتیژی سـوپای مەغۆل ببێتەوە و شـەڕیان لەگەڵ بکات، کە جەنگیزخان و کوڕ و نەوەکانی سـەرکردایەتیان دەکرد، لەو قۆناغەدا خەلافەتی عەباسـی لەوپەڕی لاوازیدا بو، سـەلجوقییەکان لە بەغدا زۆر لاوازبون، توانای بەرگریان نەبو (العبادی،2009: 145).

ئەوەی تێبینی دەکەین مەغۆل تەنها ناوچەیەک و سـنورێکی دیاریکراویان نەبو، تا بەئامانجی بگرن، بەڵکو بە هەمو لایەکدا پەلاماریاندەدا، هەمو ئایین و بیروباوەڕێک لەبەردەمیاندا جێگەی مەترسـی بو، لەهیچ شـتێک ترسـیان نەبو. لەو بارەیەوە العرێنی دەڵێت: بەهۆی ئازایەتیانەوە توانیویانە دەشـتە فراوانەکان ببڕن، بەنێو چیاکاندا ڕابورن، لە ڕوبار و دەریاکاندا بپەڕنەوە، خۆیان لەهەمو ئاو و هەوایەک بدەن و بەرگەی هەمو برسیەتی و سەرمایەک بگرن، لەهیچ شتێک نەترسن، ڕویان لەهەر شوێنێک کردبێت بەلێشاو هێرشیان دەبرد، سـۆز و بەزەییان نەبو، هەرگیز نەترسـاون، چەندین شـاری جوان لەماوەی شـەوێکدا لەبنپێی خۆیان و ولاخەکانیان وێران بون، جگە لە شوێنەوارێکی وێران، چەند گرد و دیوار، لەلاشـە و کەللەسـەری کوژراوەکان دروست دەبون، هیچیتر نەدەمایەوە (1986: 23).

بەڵام، لەبەرانبەر ئەوەدا، ابن العبری پێیوایە، خودی جەنگیزخان کەسـێک بوە بەرانبەر بەو کەسـانەی لەگەڵی ڕاسـتگۆ یا بەخشـندە و بەدەسـت و دیارییبون، ئەویش خاوەن سـەخاوەت و بەخشـندە و میهرەبان بوە، لەبەرانبەر ئەوانەی هەوڵیانداوە فێڵ یا درۆی لەگەڵ بکەن، ئەوپەڕی توندوتیژی نواندوە، وەک هێنانەوەی نمونەی ئەو سـێ بازرگانەی بردییاننە لای جەنگیزخان، بەجیاوازی هەڵسـوکەوتی لەگەڵکردن، بەهۆی ئەوەی دوان لەبازرگانەکان، هەوڵیاندابو لەبارەی نرخی شـتومەکەکانیان زیادەبایی لێوەربگرن، هەریەک جۆرێک ڕەفتاری لەگەڵ نواندن بەجۆرێ سزای ئەوانەیدا کە داوای زیادەباییان کردبو، پاداشتی ئەوەیانیکرد کە وتبوی کەلوپەلەکان دیارین بۆ خان (ابن العبری، 1983: 399– 400). بەوجۆرە دەردەکەوێت جەنگیزخان کەسـێکی میزاجی بوە، ئەو هەڵسـوکەوتانەی ڕەنگدانەوەی بەسـەر تەواوی سـوپای مەغۆلەوە هەبوە، بەجۆرێک لەهەر شـوێنێک هەوڵی سـەرکێشـیان لەگەڵ مەغۆلدابێت، ئەوا بەتوندترین شـێوە سـزای ئەو شـوێن و شـار و کەسـانەیانداوە، تەنانەت هەندێک لەو شـوێنانەی هەوڵی گفتوگۆ و خۆبەدەسـتەوەدانیشـیان داوە، مەغۆل هەر سەرسەختانە مامەڵەیانکردون، وەک ئەوەی لەکاتی گرتنی بەغدا (656ک/ 1258ز) ڕویدا (السامرائی، 1988: 363). بۆیە مەغۆل نەبوبونە جێگەی باوەڕی ئەو سـەرۆک و سـەردار و دانیشـتوانەی کە شـاڵاویان دەبردە سـەریان، گەلێکجار، بەناچاری لەنێوان مردنی زەلیلانەو مردنێکی شـەرەفمەندانەدا دەنجەنگان، وەک ئەو

کوشــتارەی لە بەغدا و میافارقین کردیان، لەبەرئەوەی خۆیان نەدابو بەدەســتەوە، ئەوەش ڕەنگە تەنها چاوی تەماعی مەغۆل بوبێت، لەبری ڕێککەوتن ئامانجیان تاڵانکردن بو نەک ئاشتەوایی.

کەچی ئەو هێزە تۆکمەیەی شـــانازیان دەکرد، هەرگیز نابەزن، دۆڕان لەئایدیا و فەلســـەفەی ئەواندا نییە، بەســەدان شــار و ســوپا و لەشــکریان لەناوبرد، بەڵام لەبەردەم مەمالیکەکانی میســردا، لەشــەڕی (عین جالوت 658ک/ 1259ز) بەسـەرکردایەتی مظفر قطز خوارزای جلال الدین مەنکەبەرتی دوژمنی سـەرسـەختی مەغۆل، توشـــی شـــکســـتێکبون کە هەرگیز باوەڕیان نەدەکرد (ابن دقماق، 1999: 261-262). لەکاتێکدا مەغۆل و خاچییەکان هاوپەیمانیانکرد، بۆ ئەو جەنگە بەدژی موســـڵمانەکانی ناوچەکە، بەڵام قطز بەیەکخســـتنی هەمو نەیارەکان و بەشـــداری خودی خۆی لەجەنگەکەدا، لەناوەڕاســتی جەنگەکەدا هاواریدەکرد: "وإســلاماه.. ياالله أنصـــر عبدك قطز على التتار" (الخالیدی، 1982: 91). توانی ســـەرکەوێت، تەنانەت کتبغای مەغۆل کوژرا و حمص و شـــام ڕزگارکران، بەجۆرێک لەدوای جەنگەکەوە مەغۆل نەیاندەتوانی دەســـت بۆ بەغداش بەرن، مەمالیکەکان خەلافەتیان لەبەغداد زیندوکردەوە (بروکلمان، 2000: 365).

لەگەڵ ئەوەی مەغۆل ڕەگ و ڕیشـــەیەکیان لەگەڵ مەســـیحیەکاندا هەبو، بەهۆی ئەوەی، هۆلاکۆ، دایکی و هاو سەرەکەی، تەنانەت هاو سەری ئاباقا خانی کوڕی و زۆر لە خان و دە سەڵاتدارانی مەغۆلی مە سیحی بون. بەهۆی ئەوەی مەسـیحی و موسـڵمانەکان لەشـەڕێکی بەردەوامدابون، مەسـیحیەکان بەو هۆکارە هاوپەیمانییان لەگەڵ مەغۆڵ دەبەستا بەدژی موسڵمانەکان، کە ئامانجی سەرەکی هەردولایان دژایەتی موسڵمانان بو، ئەوەش وەک هۆکارێک لێکدەدرێتەوە بۆ هاوپەیمانیە بەردەوامەکانی نێوان مەغۆل و مەسیحیەکانی ناوچەکە (رنسیمان، 1997: 3/409- 528؛ حلوایی: 1381هەتاوی: 76- 146). بەو هۆیەوە دوژمنایەتی موسـڵمانان وەک ئەرکی لێهاتبو لای مەغۆل و بنەماڵەی هۆلاکۆ. لێرەوە هەڵوێســـتەیێک لەلایەن مەغۆلدا تێبینی دەکەین، ئیتر لەوە گەیشـتن دواجار سنورێک هەیە بتوانێت ڕایانبگرێت، لێرە ئیسـلام دەبێت بە خاڵێک سـەرنجی مەغۆل کێشبکات بۆخۆی، چەندین دەسـەڵاتداری مەغۆلی وردەوردە بون بە موسـڵمان، هەندێکیان لەپێناو چەسـپاندنی ئیسـلامدا گیانیان بەختکرد، وەک احمد تکۆدار. هەڵبژاردنی ئاینزا جیاوازەکان دەبێت بەیەکێک لەو سەرنجانەی کە مەغۆل بوبون بە سـەرمەشـقی سـەرخسـتن، یاشـکسـتی ئایینزاکە لەبەرامبەر ئایینزاکەیتردا، بەجۆرێک، کاتێک خانێک دەبو بەشـیعە ئەوا بڵاوبونەوەی شـیعەگەری پەرەی دەسـەند، ئەگەر ببوایە بەسـونە، ئەوا شـییعەکان توشـی شـکسـت و لاوازی دەبونەوە. بۆیە تەورێکمان تایبەتکرد سـەبارەت بە بڵاوبونەوەی شـیعەگەری لەسـەردەمی خانەکانی ئیلخانی فارس و ڕۆڵی خانەکان لەو ئاینزایەدا.

## تەوەری یەکەم: شێوازی موسڵمانبونی مەغۆلەکانی ئیلخانی.

دوای شـــالآوە توند و وێرانکارییەکانی کوڕ و نەوەکانی جەنگیزخان، بۆســـەر ناوچەکانی ئەوروپا، لەســـالآنی (634ک/ 1240ز) بەدواوە، داگیرکردنی بەشی زۆری ئەوروپا و تەنانەت ڕوسیا و گرتنی مۆسکۆ، وێرانکردن و کوشتن و سەربڕینی دانیشتوانی ئەو ناوچانە، تالآنیانکرد و ئاگریان تێبەردا، تەنانەت کەنیسەکانیان سوتاند، بەربەستێکیان لەبەردەم هێرش و پەلامارەکانیاندا نەبینی، بەجۆرێک هاتبونە سەر ئەو باوەڕەی کە هیچ هێزێک نییە بتوانێت لەبەردەمیاندا بوەســـتێت. ئەگەر مردنی ئۆکتای خانی گەورەیان نەبوایە، ئەوروپای ڕۆژئاوا لەمەترســـیدابو (الخالیدی، 1987: 182؛ الخالیدی، د.ت، 172– 175). مەغۆل پێیانوابو هیچ هۆکارێک نییە بتوانێت ڕایانبگرێت، هیچ هێزێک نییە بیانشـــکێنێت. بۆیە لەشـــالآو و هێرشـــەکانیان بەردەوامبون و دەســـتیان لەکەس و شوێنێک نەپاراست.

دوای ڕوبەڕوبونەوەی مەغۆل، لەگەڵ دەوڵەتی خوارزمی ئیســـلامی، تێکشـــکانی ئەو مەملەکەتە ئیســـلامییە، ڕویانکردە ناوچەکانی ئێران، فیرقەی ئیســـماعیلیەی شـــیعە مەزهەب، کە یەکێک لە گروپە ئیســـلامییە گەورە شـــیعەکان بون، دەگەڕێنەوە بۆ ئیســـماعیلی کوڕی ئیمام جەعفەر ســـادق (البغدادی، 2008: 68). خالیدی وای بۆدەچێت ئەو گروپە، یەکێکبن لەهۆکارەکانی ڕوخانی مەملەکەتە ئیســـلامییەکان، بەهۆی ئەو تەفرەقەیەی لەنێو موســـڵمانان بەرپایانکردبو، کە ببوە هۆی لاوازی موســـڵمانان و زیادبونی گروپ و جیاوازی بۆچونەکانیان، بەوەش جیهانی ئیســـلامی لاواز و دەســـتەپاچەی بەردەم هێزە دەرەکیەکان بوبۆوە (الخالیدی، د.ت: 55). بۆیە دانیشـــتوانی ناوچەکە ســـکالآیان بردە لای مەنگۆخان، کە گروپێکی جیاواز هەن نە بیروباوەڕی ئیســـلام و نە مەســـیحیەت قبوڵ دەکەن، خەریکی کاری تیرۆر و کوشـــتن و خراپەکارین، داوایانکرد بەفریایان بکەوێت، لەخراپەکاری ئیسماعیلیەکانی شیعە مەزهەب ڕزگاریان بکات، بەوجۆرە خان هێزێکی گەورەی بەسەرکردایەتی هۆلاکۆ (651ک / 1253ز) ناردە سەر ناوچەکە، بۆ لەناوبردنیان (الخالیدی، 1982: 90–91). ئیسماعیلییەکان دوای 172ســـاڵ لەحوکمڕانی کۆتایی بەســـەردەمەکەیان هات، کە هەشـــت حاکم فەرمانڕەواییانکرد (خوندمیر، 2535شاهنشاهی: 228).

بەڵام ابن تیمیە (728ک/ 1328ز) پێیوایە، پاشـەکشـەی ئیسـلام و شـکسـتەکەی، دەگەڕێتەوە بۆ سـەرهەڵدانی تەسـەوف و خورافیات، بەو هۆیەشـەوە شـالآوی تەتارەکان و پوکانەوە و پاشـەکشـەی ئیسـلام سـەریانهەڵدا (خصـــباك، 1968: 4). کەچی خصـــباك پێیوایە بۆیە لە (616ک/ 1219ز) جەنگیزخان توانی ئێران بگرێت و وێرانی بکات، چونکە یەک هەڵوێســـتی لەجیهانی ئیســـلامی نەمابو (1968: 5). ڕەنگە ئەو تێبینیانە هەمویان ڕاســـتبن، بەڵام بەهێزی و چاوچنۆکی مەغۆل و پەرتەوازەیی جیهانی ئیســـلامی بەیەکەوە بەراورد نەدەکران، ئەو گرفتە بەردەوامەی جیهانی ئیســـلام، قبوڵنەکردنی یەکتری هەردو ئایینزاکەیە، ڕیشـــەیەکی کۆنی هەیە و

هەمیشـــە بۆتە خاڵی لاوازی جیهانی ئیســـلامی. یەک خودا، یەک پەیامبەر، یەک ڕێبازیی بنەماکانی ئیســـلام، نەبونە هۆکارێک بۆ یەکخستنی جیهانی ئیسلام و چەسپاندنی بنەماکانی ئیسلام لەناو موسڵمانان. بەتایبەت ناوچەکانی فارس، ڕۆڵیان هەبو لەو گرفتە ئایینیانەی لەنێوان ئایینزاکانی ئیســـلام و ئایینەکانی تردا هەبو، چونکە بەر لەناوچەکانی تر ناوچەکانی ئێران بۆ مەغۆل یەکلابوبۆوە، ئەوەش دوای ئەوەی بنەمای دامەزراندنی ئیلخانی دەکرێت بگێڕینەوە بۆ ئەو قۆناغەی کە تولی خان لەلایەن جەنگیزخانی باوکیەوە نێردرا بۆ گرتنی نیســـاپور، هیرات و مرو، کاتێک کە مانگوخانی کوڕی تولی خان چوە دەســـەڵاتەوە، هۆلاکۆی برای نارد بۆ ئێران و عەجەمســـتان، تەواوی ناوچەکانی دەوروبەری کەوتنە دەســـتی هۆلاکۆ (الجوزجانی، 1828: 204/2) بۆیە هۆلاکۆ وەک یەکەم مەلیکی ئیلخانی لە وڵاتی فارس ئەژماردەکرێت (خصـــباك, 1983: 3). بەوەش ئێران ڕۆڵی گەورە دەگێڕێت لە بڵاوبونەوەی ئیســـلام لەنێو مەغۆل، بەتایبەت کە ئەو ناوچانە ئایینزای شـــیعە تیایدا بڵاوبو وەک ناوچەی جێ نفوزی شیعەگەری ئەژماردەکرێن تا ئەو قۆناغەی ئێستاش.

بەڵام مەغۆل چونکە خاوەن ئایینێکی چەسپاو نەبون، وەک ئایینەکانی ئیسلام و مەسیحیەت و بوزایی، بۆیە، بەتێکەڵاوبونیان بەو ئایینانە، دەبینین زۆر بەئاســـانی مەغۆل ڕودەکەنە ئەو ئایینانە، دەبن بە موســـڵمان و مەســـیحی، تەنانەت لەنێو ئەو ئایینانەدا دەچنە ســـەر ئەو ئایینزایانەی لەناوچەکەدا هەیە کە بۆی دەچون، بەجۆرێک بەشێک لەو خان و فەرمانڕەوایانەی دەکەونە ناوچەکانی ئێران و دەوروبەری دەبن بە شیعە، کەچی ئەو دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوایانەی تر کە دەچنە ناوچەکانیتری جیهانی ئیسلامی دەچنە سەر ئایینزای سوننە، جگە لەوەی لەو ئایینزایانەش جێگیر و ڕاوەستاو نەبون. ئەوە بەو واتایە دێت، کە مەغۆل خاوەن بیروباوەڕێکی چەســـپاوی ئایینی نین، بۆیە لەهەر شـــوێنێک ئایین و ئایینزایێک هەڵدەبژێرن، کەچی لەهەندێک کاتدا هەر ئەو خان و فەرمانڕەوایانە لەنێو خودی ئایینەکەدا دەکەوتنە ژێر کاریگەری کەســـێک یاخەڵکی ناوچەکە، زۆر بەخێرایی ئایین یا ئایینزاکەی خۆیان دەگۆڕن، ئەوە بەڵگەی ئەوەیە کە مەغۆل نەک خۆیان خاوەن ئایینێکی فەرمی نەبون، بەڵکو نەیانتوانیوە تاماوەیێکی دورودرێژ لەو ئایینانەش بگەن کە لەدەرەوەی مەنغۆلیا چوبونە سەر ئایینەکە، یائەو ئایینزایەی هەڵیانبژاردبو.

ڕوکردنە بەغدای مەغۆل، دوای داگیرکردنی ئەو ناوچە بەرفراوانەی دەســـتیان بەســـەرداگرتبو ئەگەرێکی کراوەبو، لەوقۆناغەدا پێویست بو خەلافەت خۆی ئامادەبکات، بۆ بەرەنگاربونەوە. کەچی شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکانی عەلەوییەکان، ئەرکێکی گەورەی دارایی خستبوە سەر خەلافەتی عەبباسی (االصیاد، 2011: 289). بەتایبەت ململانێی وەزیرەکانی وەک مؤیدالدین ابن العلقمی (591–656ک) شـــیعە و موجاهدالدین ئەیبەک دواتداری بچوک (مر 656ک)، کە ســـوننی بو، ناوی لەوتاردا لەدوای ناوی خەلیفە دەهات، ئەوە لەکاتێکدا دانیشتوانی بەغدا جگە لەوانە لەمەسیحی و جولەکەش پێکدەهاتن، کاتێکیش کوشتاری نێوان سونە و شیعەکان

ڕویدا، خەلیفە کوڕەکەی ڕاســـپارد، ئەویش هەڵیکوتایە ســـەر مەڵبەندی شـــیعەکان لە کەرخ، هەمو کارێکی قێزەونی ئەنجامدا، لەکوشـــتنی پیاوان و ئابڕوبردنی ژنانەوە (الصـــیاد، 2011: 293/ 294). بۆیە ئەوە دەبێت بەهۆکارێک تا شـــیعەکان بەدوای دەرفەتێکدا بگەڕێن بۆتۆڵەســـەندنەوەی ئەو ڕەفتارەی ئەبوبەکری کوڕی خەلیفە، دواتر بو بەیەکێک لەو هۆکارانەی شـــیعەکان و بەتایبەت ابن العلقی وەزیر بچێتە پاڵ مەغۆل و خەلافەتی عەباســـی بڕوخێنن. بەڵام کاتێک مەغۆل گەیشـــتنە بەغدا، لەکوشـــتن جیاوازیان لەنێوان شـــیعە و سوننەکان نەکرد (الخالیدی، 1982: 66/ 67؛ الصیاد، 2011: 294/293).

بەڵام الخضـــری دەڵێت: مەغۆلەکان کۆمەڵێک شـــیعە و مەســـیحی و دانیشـــتوانی بەغدایان هێشـــتەوە (2004: 443). کەدواتر کاریکردە سەر پەیوەندی نێوانیان و مەغۆل زیاتر مەیلیان کەوتە لای شیعەکان و پۆستیان بە ابن العلقمی دایەوە. کەواتا دەکرێت بڵێین نزیکی خان و دەســـەڵاتدارانی مەغۆلی لەگەڵ شـــیعەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هاوکارییانەی لەبەغداوە دەســـــتیپێکرد، بەرانبەر لەشـــــکری مەغۆل نەرمیان نواند و لێیان چونەپێش. چونکە کاتێک هۆلاکۆ بەنامە هەڕەشـــەی شـــەڕکردن یا ملکەچی لەخەلیفەکرد، لەنێوان هەڵبژاردنی ڕێنماییەکانی ابن العلقمی، کە داوای لە خەلیفەکرد لەگەڵ هۆلاکۆ ڕێکبکەوێت و خەلافەت لە بەڵای هۆلاکۆ بپارێزێت، کەچی مجاهدالدین دواتدار کە پاڵپشـــتی ســـوننیەکانی دەکرد، دژی وەســـتایەوە و پێشـــنیاری شـــەڕ و بەرەنگاری کرد، لەکاتێکدا خەلیفە ڕای یەکەمی پێباشـــتربو. بەڵام بەقســـەی کەســـی دوەمی کرد (الصـــیاد، 2011: 300). لێرەدا بەڕونی ئەو ناکۆکییەی نێوان ئایینزاکان دەردەکەوێت، بۆیە ئەو پاڵەپەســـــتۆیەی ســـــوننیەکان لەو قۆناغەدا ســـەردەکێشـــت بۆ کاردانەوەی خراپتر، کە دواتر دەیبینین لەکاتی گەیشـــتنی مەغۆل بە بەغدا چ ڕەنگدانەوەییەکی دەبێت، بەجۆرێک ابن العلقمی لەگەڵ ســـــوپای مەغۆل ڕێکدەکەوێت بۆ گرتنی شـــــارەکە، ئەوەش ڕەنگە هەر دەرهاویشـــتەی ئەو ناکۆکییە بێت لەنێوان ســـوننیەکان و شـــیعەکاندا هەبو، کەهەمیشـــە وەک دو دژبەر لەیەکیان ڕوانیوە، نەک وەک دو هێزی جیاوازی یەک ئاین، بەجۆرێک ئەو ململانێیە تائێستاش دوای زیاتر لە 1400ساڵ هەر بەردەوامە، تەنانەت ئەگەر بەڕێککەوتبێت ئەگەرنا چەژن و بۆنە ئایینیەکانی ســـاڵانەش بەیەکەوە و لەیەک بەرواردا ناکەنەوە، ئەوەش وایکردوە هەمیشە وەک کۆسپێک بێت لەبەردەم گەشەکردنی ئایینەکەدا.

بەڵام چونکە مەغۆل یەک ئایینیان نەبو، بۆیە هەرکەس و ســـــەردەمێک جۆرێک لە پشـــــێوی و پاشـــــاگەردانی دەبینین، بەتایبەت لە وڵاتی فارس، وەک اباقا خان (663- 680ک/ 1285- 1282ز) لەدوای هۆلاکۆی باوکی هاتە سەرحوکم، کە دابونەریتێکی مەغۆلیانەی هەبو (ابن تغری بردی، 1956: 185؛ الفهمی:153). خۆی بوزی بو لەســـەر ئایینی باوکی، تەنانەت هەوڵی بڵاوکردنەوەی دەدا لەناو فەرمانڕەواکان، چەندین پەرســـتگای بوزی دورســـتکرد لەشـــارەکانی ئێران، تەنانەت لە گوندەکان، هاوکات مەیلی بۆ مەســـیحیەت هەبو، لەگەڵیان پێکهات بەدژی مەمالیکەکانی میســـر و شـــام کە ســـەر بە ئایینزای ســـوننی بون (العرینی، 1986: 276). هەرچەندە

دەكرێت ئەو ڕێككەوتنە وەک ڕیككەوتنی سیاسی ئەژماربكرێت نەک ئایینی. بەڵام دژایەتییەكەی بەگشتی كاریگەری كردۆتە سەر ناوچەی حوكمڕانی خۆی كە زیاتر شیعەگەری تیایدا بڵاوبوبۆوە.

هەر لەسەردەمی اباقا خان دوژمنایەتی موسڵمانە سوننەكان كراوە، كەچی لەگەڵ شیعەكان لێبوردەبون، ئەو لێبوردەییە شوێنەواری دیاربوە لەبڵاوكردنەوەی ئایینزای شیعە، ڕێگەیانداوە بەشداریبكەن لەبەڕێوەبردنی دەسەڵات (ابن تغری بردی، 1968: 140؛ الفهمی، 1981: 154).

## بەشی دوەم: بڵاوبونەوەی شیعەگەری لەنێو خانەكانی ئیلخانی.

لەبەرئەوەی بابەتەكەی ئێمە تایبەتە بە بڵاوبونەوەی شیعەگەری لەنێو خودی دەسەڵاتداریێتی ئیلخانەكانی فارس، بۆیە زیاتر گرنگی بەو دەسەڵاتدار و خانانە دەدەین، كە كەوتونەتە ژێر كاریگەری ئیسلام، لەئایینی پێشینەیان پاشگەزبونەوە و بون بەموسڵمان، لەنێو ئیسلامیشدا چونە سەر ڕێبازی ئایینزای شیعە، كەوتنە ململانێ و ڕكابەری ئایینزای سوننە. ئەوەش كاریگەری گەورەی كردە سەر گەشە و پاشەكشەی هەریەک لە ئایینزاكان، بەپێی بارودۆخ و قۆناغی سەردەمی خانەكان، تا خانێک زیاتر پشتی ئایینزایێكی دەگرت ئەوا لەو قۆناغەدا ئەو ئایینزایە گەشەی دەكرد، بەپێچەوانەوە پاشەكشەی بە بەرامبەرەكەی دەكرد.

بەر لەحوكمڕانی غازان خان، ئیلخانەكانی فارس لەئێراندا بون بەدو بەرەوە، ئاراستەی یەكەم لە كەسە دیار و فەرمانبەرە گەورەكان و ئەفسەران پێكدەهات، ئاراستەی دوەم تا ئەو قۆناغە پابەندی ژیان و ژیاری خێڵەكیانەی سەردەمی جەنگیزخان بون، كە ئاراستەی یەكەم سەركەوتن، لە چەسپاندنی ڕۆشنبیری و شارستانیەتی هاوچەرخ، بەسەركەوتنی ئەوان غازان هاتە سەرحوكم، ئەویش ئایینەكەی گۆڕی بۆ ئیسلام (كرافولسكی، 1993: 188-189). كە خودی غازان لەسەر ئایینی بوزی پەروەردەكرابو، سۆزی زۆری بۆ ئەو ئایینە هەبو (سیر توماس، 1957: 263).

غازان خان (694- 703ک/ 1294- 1303ز)، كە دواتر بە محمود غازان ناسرا، كوڕی ئارغۆن كوڕی اباقا خان نەوەی هۆلاكۆبو، لەسەردەستی باپیرەی پەروەردەكرابو لەسەر ئایینی بوزی، تەنانەت لەخوراسان چەندین پەرستگای دورستكرد، زۆربەی كاتەكانی لەو پەرستگایانە بەسەردەبرد، زۆر كەوتبوە ژێر كاریگەری كاهینە بوزییەكان، بەتوندی باوەشی بەبوزایدا كردبو. بەڵام لەناكاو دەكەوێتە ژێر كاریگەری یاوەرەكەی بەناوی نەورۆز، بانگهێشتی دەكات بۆ ئیسلام، هانیدەدا موسڵمانەكان بەدەوری خۆیدا كۆبكاتەوە، تادوعا بۆ سەركەوتنی بكەن، پاڵپشتی لێبكەن بەرانبەر بەنەیارەكانی، پێیڕاگەیاند، فەلەكناسان ڕایانگەیاندوە، پاشایەک دەردەكەوێت پارێزگاری لە ئیسلام دەكات، سەری دەخات، من وای بۆدەچم ئەوكەسە تۆبیت، بەوجۆرە كەوتە

ژێر کاریگەری و ئیسـلام بونی خۆی ڕاگەیاند، ناویان نا محمود، بەدوای ئەودا میر و سـەربازانی مەغۆل کە نزیکەی سەد هەزار کەس دەبون شوێنی کەوتن (الصیاد، 1987: 247- 250).

ئیسـلام بونی غازان خان لەو قۆناغەدا بۆ موسـڵمانان گرنگی و کاریگەری خۆی هەبو، بەموسـڵمان بونی ئەو ئیسـلام بو بەئایینی فەرمی دەوڵەت، بەوەش شـەپۆلی بڵابونەوەی ئایینی بوزی لەو قۆناغەدا لەئێران ڕاوەسـتا کەپێشتر پلانی بۆدانرابو، لەسەردەمی أباقاخان دەستیانکردبو بە دروستکردنی پەرستگای بوزی وەک ئەوەی لە مەراغە (679ک/ 1280ز) کردیان، کە بەڵگەی بڵاوکردنەوەی ئایینەکەیە لە ئێران (الهمذانی، د.ت: 80/2). بەڵام لەنێو ئەو تۆمارەمێژوییانە ئاماژە بۆ ئەوە نەکراوە محمود غازان سەر بە ئایینزای شیعەبوبێت، بۆیە لەو قۆناغەدا هێشتا مەغۆلەکان وەک پێویست لەوە نەگەیشتون کە ئیسلام لە دو ئایینزای جیاواز و ناکۆک پێکدێت.

هەرچەندە کاتێک احمد تکۆدار بو بەموسـڵمان، ئەگەرچی لەسـەرچاوەکان ئاماژە بەوەنەدراوە کام ئایینزای هەڵبژارد، بەڵام بەپێی بۆچونی الفهمی، چوتە سـەرئایینزای سـوننە و أهلی جماعة، توانای خۆی بەکارهێنا بۆ ڕاکێشـانی مەغۆلەکان بۆ ناو ئایینەکەی، لەسـەر دەسـتی ئەو زۆرکەس موسـڵمان بون، هەندێک نازناوی شـەرەفی پێ بەخشـین (الفهمی، 1981: 167). فەرمانی سـەرپەرشـتیکردنی کاروباری ئایینی و ئەوقافی لەدەستی بنەماڵەی طوسی سەر بەئایینزای شیعە سەندەوە و دایە دەستی شێخ عبدالرحمان لەئایینزای سوننی، هەڵگرتنی مافی پزیشـک و ئەسـتێرە ناسـەکان و ئایینەکانیتر کە لەسـەردەمی هۆلاکۆی باوکیدا هەیانبو، هەمو ئەو داهاتانەی هەیانبو تایبەتکرد بە حەرەمی شـەریف، فەرمانی حەجکردنیدا و ئاسـانکاری ڕێگای حەجیکرد (القزاز، 1952: 167). اقبال دەڵێت: تکۆدار شێخ کمال الدین الرافعی وەکو شێخی ئیسلام دیاریکرد، تالە ئێران و عیراق، چاودێری خەرجییەکان بکات و ئازادی تەواوی پێدا لە ڕەفتارکردن (2000: 237). ابن العبری بە (شـێخ الاسـلام قدوة العارفین) ناوی دەبات (1983: 513). کەواتە ململانێکە هەر لەسـەرەتای موسـڵمانبونی مەغۆلەکانەوە دەسـتپێدەکات و لادان لەسـەرکار و پشـتیوانی لایەنێک بەسـەر لایەنەکەی تردا ڕەنگدانەوەی بۆ دواتر دەبێت. ئەو دو ئایینزایەش زەمەنێکی دورو درێژە لە ململانێدان، بەڵام ئەو ماوەیەی غازان حوکمڕانی دەکات دژبەرێکی ئەوتۆ نابینین لەتێگەیشتنیان بۆ ئایینزا جیاوازەکانی ئیسلام لەو قۆناغەدا.

هەرچەندە القزاز دەڵێت: کاتێک غازان بو بەموسڵمان ئایینزای سوننەی پێ باشتر بو، چوە سەر ڕێبازی ئیمام ابی حنیفە نعمان کە لە ئیمامەکانی تر بەهێزتربو، بڕیاریدا ناوی خەلیفەکانی ڕاشیدین لە وتاری هەینی و جەژن و بۆنەکان بهێنن، دواتر دوعا بۆ غازان بکرێت، ناوی لەسـەر سکەی دراو تۆمارکردن، لەگەڵ ناوی سـوڵتان و نازناو و مێژوی دراوەکە، تەنانەت فەرمانەکانی بەناوی خودا و پێغەمبەر دەسـتپێدەکرد (1970: 293، 294). بەڵام بەنیەت پاکی خۆی بەرانبەر شـیعەکان هەڵسـوکەوتی کرد، چوە سـەر مەزاری ئیمامی علی و حسـێنی کوڕی، ڕێزی زۆری بۆ گەورەکانیان نواند، فەرمانیدا بەپێدانی پارە و دیاری زۆر بەگەورەکانیان لە تەبرێز،

لێخۆشبونی بۆپیاوانی شیعە دەرکرد لە باج، دەستیکرد بەڕازاندنەوەی شوێنە پیرۆزەکانیان، سەردانیدەکردن. لەساڵی 698ک چوە (حلە) دەستیکرد بەخەرجکردنی پارە بۆیان، جۆگەی لەسەروی شارەکە بۆ هەڵکەندن، کە بە ڕوباری غازانی ناسـرا، زەویە وشـکەکانی کەربەلای سـەوزکرد بە باخچە و بێسـتان، ئەو گرنگی پێدانەی غازان بە ئال و بەیت و شـیعەکان وایکرد بڵێن غازان شـیعەیە، بەڵام بۆ بەرژەوەندی گشـتی ئەو سـۆزەی شاردۆتەوە (الهمذاني: 2000، 227؛ خصباك، 1968: 92–93؛ الصیاد، 1987: 267).

بەڵام ئەو گرنگی پێدانەی مانای شـیعە بونی محمود غازان ناگرێتەوە. چونکە الصـیاد جەخت لە سـوننی بونی دەکاتەوە، گرنگی پێدانەکەی بە شـیعەکان بۆئەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر(د.خ) لەگەڵ علی کوڕی ابی تالیب و حسـن و حسـێنی کوڕی لەخەودابینیوە و پاڵپشـتیکردوە، ئەوانی پێناسـاندوە و وتویەتی دەبوایە ئێوە برابونایە، پێی وتون کە باوەش بەیەکدابکەن، ئەمە بوە هۆی خۆشەویستی بۆ ئال و بەیت. الصیاد، ئەوانە لە ڕەشیدالدین مێژونوسی سەردەمی غازان دەگێڕێتەوە. بەو هۆکارانە خەڵک دوعایان بۆدەکرد، چونکە دادپەروەر و سیاسی و خێرخوازبو، سـەردانی گۆڕی ئیمامەکانی دەکرد، نەزری بۆدەکردن، دەیوت: من ئینکاری کەس ناکەم، دان بەگەورەیی هاوەڵاندادەنێم، ئەگەر پێغەمبەر (د.خ) لەخەودا ببینم ئەوا خۆشـەویسـتیم بۆ أهلی بیت زیاتردەبێت (1987: 267). ڕەنگە هەمو ئەو گرنگی پێدانەی بۆ ڕاگرتنی تەرازوی سـیاسـی خۆی بگەڕێتەوە، تاوەکو بتوانێت باڵانسێک لەنێوان هەردو ئایینزاکەدا ڕابگرێت، چونکە جەخت لەسوننی بونیدەکرێتەوە و هەڵوێستەکانی بەرانبەر بەشیعەکان بەوجۆرەدەبینین، ئەوڕاستییەمان بۆدەردەکەوێت کە غازان سیاسێکی زانا و لەهەمانکاتدا مرۆڤ دۆسـتبوە. چونکە الصـیاد سـورە لەسـەر سـوننی بونی غازان و نادەمارگیری بەرانبەر بە شـیعەکان و بێبەشـنەکردنیان، بەڵام خۆی زیاتر لەگەڵ گەورەپیاوانی أهلی سـوننەبو، وەک الامام ابی حنیفە (80–150ک/699–767ز)، لەگەڵ دورستکردنی قوتابخانە بۆ شوێنکەوتوانی (الشافعي والحنفي) (1987: 268). بۆ دڵنیابونەوە لەسـوننی بونی الصـیاد دەڵێت: ڕۆژهەڵاتناسـی ئەلمانی شـپولر پێیوایە غازان سـوننیە بەڵام دەمارگیرنەبوە (1987: 298).

دوای مردنی محمود غازان، براکەی دێتە سـەر دەسـەڵات بەناوی أولیجایتۆ (703–716ک/ 1303– 1316ز)، غازان لەژیاندابو ئەوی وەک شـوێنگرەوەی خۆی دیاریکرد، تاببێتە خانی ئیلخانەکانی فارس (الفهمي، 1981: 114). دوریش نییە غازان بەمەبەسـت ئەوی دیاریکردبێت، چونکە زانیویەتی لە شـیعەکان نزیکە، خۆشـیی پەیوەندی بەوانەوە باشـبو. اولیجایتۆ سـێیەم کوڕی ئارغۆن بو، لەسـاڵی 680ک/ 1281زلەدایک بوە (ابن البطوطة، ب.ت: 207). وەک یەکەم فەرمانڕەوای ئیلخانی ئەژماردەکرێت بەئاشکرا باوەشی بۆ ئایینزای شیعە کردەوە، دواتر ناویان لێنا (محمد خدابنده) (البدلیسـی، 1962: 20). یاخود شـیعەکان بە خدابندە ابی عبدالله و

ســــوننەكان بە خربندە ابی عبدالحمار ناویان بردوە (الجاف، 2008: 280). ابن البطوطة پێیوایە (خر) بەمانا فارسیەكەی مەبەستیان لە(كەر)دێت (د.ت: 207).

اولیجایتۆ بەوهۆیەی هاوســــەرگیری لەگەڵ كچێكی موســــڵمان كرد، كەوتە ژێركاریگەری ئیســــلام، لەســــەر مەزهەبی حەنەفی (ابن خلدون، 2000: 619/5؛ الفهمی، 1981: 216). ساڵێك لەسەر مەزەبی سوننەبو، دواتر هــەڵگــەڕایــەوە و پشــــتی تێكردن (ابن كثیر، 1932: 291/9). هۆكـارەكـەی بۆ ململانێی نێوان شـــــافعی و حەنەفییەكان دەگەڕێتەوە، چونكە لەخوراســــان حەنەفیەكان پێشــــەوایەتیاندەكرد، كەچی كاتێك هات بۆ تەبرێز بینی شــــافیعییەكان پێشــــەوایەتی دەكەن (أقبال، 2000: 314؛ الفهمی، 1981: 216). ئەو دو ئیمامە لەبارەی گەلێك بابەتەوە تێڕوانینیان جیاوازە بۆیەكلایكردنەوەی گرفتە شــەرعیەكانی ئیســلامی ســوننی مەزەب، ئەو دو جیهانە وایكرد تێڕوانینی بگۆڕێت و ڕوبكاتە ئایینزای شــیعی. بەڵام ڕەنگە پێشــخانێكی شــیعەگەری لەدەرونیدا بونی هەبوبێت.

بۆیە، پەلەیكرد لە جێبەجێكردنی ئەو مەزهەبە لەســــەردەمی فەرمانڕەواییەكەیدا، لەژێركاریگەری یەكێك لەزانا شیعەكان، بەناوی جمال الدین أبو منصور الحسین بن یوسف بن المطهر الحلی، لێرەوە ئیلخانەكان وابەستەی ئەو مەزهەبەبون (الصــــیاد، 1970: 144؛ القزاز، 1970: 190). هیوای خۆی زیاتر لەو ئایینزایەدا دەبینیەوە، بەسەر شافعیەكاندا سەركەوت و ئامانجەكەی بەجێگەیاند (الجاف، 2008: 208).

بەوهۆیەوە، دوای وەرگرتنی دەســــەڵات ســــەردانی عێراقی عەرەبی كرد، چوە شــــوێنە پیرۆزەكانی (نەجەف)، تابیری شیعەگەری بڵاوبكاتەوە، فەرمانیكرد بە زاناكان بیروباوەڕی شیعەگەری لە هەمو شوێنێك بڵاوبكەنەوە، قوتابخانەی تایبەتی بۆ فێربونی بیروباوەڕەكە دامەزراند، پڕۆژەی قوتابخانەییێكی كردەوە، كە قوتابخانەكە (60) مامۆســــتای هەبو، ژمارەی قوتابیان تادەهات زیادیدەكرد، 100 قوتابی دەســــتیانكرد بەخوێندن، لەگەڵ ئەوەدا قوتابخانەیێكی تری لەخێمەدا كردەوە كە بە (قوتابخانەی گەرۆك) ناسرابو، لەگەڵ سوپاكەیدا دەڕۆیشت، بەردەوام لەجوڵەدابو، كۆمەڵێك زانای لەگەڵ بو بۆفێركردنی خوێندكاران، بەوهۆیەوە پەیوەندی اولیجایتۆ لەگەڵ شــــیعەكان پتەوبو، بەوەش هەمو ڕێگاكانی بەرامبەر بەســــوننەكان داخســــت، هەمو ئەوكارانەی لەژێركاریگەری جمال الدین كردن، كە خوێندكاری نصرالدین الطوسی بو (اقبال، 2000: 315-316).

تەنانەت، لەسەردەمی اولیجایتۆ، پەیوەندیان لەگەڵ میسر زۆر باش بو، بەهۆی كاریگەری ئەو باوەشكردنەوەی بۆ شــیعەگەری، خۆســەپاندنی بەســەر ئیلخانیەكاندا (المقریزی، 1939: 6). اولیجایتۆ بەجۆرێك پاڵەپەســتۆی خســتە ســەر ســوننەكان تا كار بەوەگەیشــت لە پێنج شــەممەی ســەفەری (709ك/ 1301ز) فەرمانیكرد بە ســڕینەوەی ناوی خەلیفەكانی ڕاشــیدی (ابوبكری ســدیق، عمری كوڕی خەتاب، عســمانی كوری عفان) جگە لە علی كوری ابی تالیب لەوتارەكان ناوی دەهات، بەپێچەوانەوە فەرمانێدا ناوی دوانزە ئیمامەكەی شــــیعە لەوتارەكان بخوێنرێتەوە، تەنانەت ناویان لەدراوەكان بدرێت. ئەو توند ئاژۆییەی وایكرد وڵات توشــــی

کارەساتبکات، چونکە هێشتا ئاینزای سوننی زۆرینەی وڵاتی پێکدەهێنا، بەوجۆرە بەرەو شەڕی ناوخۆییبردن، ئاڵۆزی لەنێوان فەرمانڕەواکان دورست بو، وڵات بەرەو تارماییێکی نادیار هەنگاوینا، پارچەپارچەبون، بۆیە ناچاربو داوای ناوهێنانی خەلیفەکانیتریش بکات لەوتارەکاندا، ناویان بخاتە سەر دراوەکان (الفهمی، 1981: 216- 217).

هەمو ئەو دژایەتیەی ئاینزای سوننی و چوار ئیمامەکە، بۆ تێڕوانینی جمال الدین المطهر الحلی و ئیمامە شیعییەکان دەگەڕایەوە، چونکە ڕوانگەیان بۆ أهلی سوننەو جماعەت دوژمنکارانەبو، زیادەڕۆییانکردبو لەبەرامبەر ناسینیان، وایان لە اولیجایتۆ کردبو کە سوننەکان بەخراپ بناسێت و ئەوان بەباش پێناسەبکات (بدر، 1999: 330). بەو هۆیەوە شیعەگەری پەرەی سەند و بو بەئایینی حوکمڕانی و دەسەڵات، کەچی دواجار دەبینین اولیجایتۆ جارێکیتر دەگەڕێتەوە بۆسەر ئایینزای سوننی، کە ئاماژە بەیەکێک لەهۆکارەکانی کراوە، کاتێک هەوڵی بڵاوکردنەوەی زیاتری شیعەگەری داوە، نێردراوی ناردوە بۆ ناوچەکان، تا هەموان پابەندی ئایینزاکە ببن، کەچی قاضی مجدالدینی شیراز دژی وەستایەوە، سوڵتان فەرمانیکرد بیخەنە بەردەم سەگەکانی، ئەوکارەیان ئەنجامدا، بەڵام کاردانەوەی سەگەکان بەوەی کە پێشتر هیچ مرۆڤێک لەدەستیان ڕزگاری نەدەبو، بەڵام بۆ قازی کەوتنە کلکەلەقە، پەلاماریان نەدا، کاتێک هەواڵیان بەسوڵتان ڕاگەیاند بەپێخواسی هاتەدەرەوە و چۆکی لەبەردەم قازی دادا، قاچی ماچکرد، جلەکانی خۆی داکەند، فەرمانیدا بەژنەکانی ڕێزیبگرن و بەپیرۆزی دابنێن، بۆیە سوڵتان گەڕایەوە سەر ئایینزای سوننی و دژی شیعەگەری بۆوە، نوسراویکرد بۆ دەسەڵاتدارانی وڵات تا خەڵک لەسەر ئایینزای سوننی جێگیربکەن، قاضی بەڕێزەوە گەڕاندەوە بۆ شوێنی خۆی (ابن البطوطة، ب.ت: 187–188). هەرچەندە تەنها ئەو هۆکارە بەس نییە تا پێمانوابێت هۆکاری دوبارە گەڕانەوەیبێت بۆ سەر ئاینزای سوننی، چونکە ڕەنگە لەپشتی ئەو ڕوداوەوە ڕوداو گەلێ سیاسی بونیان هەبوبێت، دورنیە بەهۆی زۆری ژمارەی سوننیەکان لە وڵات و تێکچونی باڵانسی کۆمەڵایەتی ئەوەیکردبێت، تا تەرازوی هێز و مانەوەی لەدەسەڵات درێژەپێبدات.

لەدوای أولیجایتۆ، کوڕەکەی أبو سعید بەهادورخان (716–736ک/ 1316–1336ز) کە لە ساڵی (704ک) لەناوچەی نورقوی لەئازربیجان لەدایک بوە، یەکەم خانی ئیلخانی بو لە ئێران ناوێکی ئیسلامی هەڵگرتبێت (شبولر، 1982: 78). سەبارەت بەئایینزاکەی، سوننی الحنفی بو، چونکە کاتێک دراوی لێدا ناوی هەر چوار خەلیفەکەی لەسەر هەڵکەند (تغری بردی، 1968: 309). کەچی یەکێک لەمێژونوسە شیعەکان لە ڕیزبەندی شیعەکان ئەژماریدەکات، بەوهۆیەی کە باوکیشی شیعەبوە، بۆیە خۆشی شیعەیە (الأمین، 1961: 265). بەڵام ئەوانە هیچیان بەڵگەی پێویست نین تا بۆ یەکلایکردنەوەی أبو سعید بەهادورخان ببێتە مایەی ڕەزامەندی ئێمە لەوبوارەدا.

مردنی أبو سعید بەهادورخان وەک دواخانی مەزنی ئیلخانەکانی فارس لێکدەدرێتەوە، چونکە دوای ئەو بنەماڵەی ئیلخانی بەشێوەیکی خێرا دارما، بەهۆی ناکۆکی نێوان چەند میرێکی بێتوانا لە بنەماڵەی جەنگیزخان، دەسەڵاتدارەکانی بنەمالەی ئیلخانی کەوتنە ململانێی یەکتر، ئیلخانەکان بۆچەند بەشێک دابەشبون، بەوەش دەوڵەتەکەیان لاوازبو (اقبال، 2000: 344). بەمردنی أبوسعید، زانست و ئەدەب و شیعر و مێژوی ئیلخانەکان

توشی شکست بو، هەرچەندە ئەو پیاوێکی ڕۆشنبیربو، بەڵام چەند کەنیسەیێکی داخست (اقبال، 2000: 341). ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە کە لەژێر کاریگەری ئیسلام بوە، لەدواقۆناغی ئیلخانەکانی فارس دا ئیسلام بەتەواوی دەچێتە ناوەوە و کاریگەری خۆی دەخاتە سەر خان و دەسەڵاتدارانی ئیلخانی، بەجۆرێک سەنگەر لە ئایینەکانیتر دەگرن و لایەنگری خۆیان ناشارنەوە. بەواتایەکی تر خۆیان بۆ ئیسلام یەکلایی کردۆتەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، لەدوای أولیجایتۆ و هاتنی أبو سعیدی کوڕی، ململانێیێکی ئەوتۆ بەدیناکەین لەڕوانگەی ئاینیەوە، جا چ بەهۆی ئەوەی أبو سعید بەهادور وەک دوا خانی بەهێزی ئیلخانی ئەژماردەکرێت و شوێنێک لەململانێی ئایینزایی جێناهێڵێت، یاخود لاوازی و کەم مانەوەی خانەکانیتر بێت لەسەردەسەڵات و ئەو ململانێیە سیاسیەی توشی بنەماڵەی ئیلخانیدەبێت لەپێناو وەرگرتنی دەسەڵات، بەوهۆیەوە بنەماڵەی ئیلخانی توشی پەرتەوازەیی و بێ دەسەڵاتی دەبنەوە، وەک مۆرە دەکەونە گیانی یەکتر، بەجۆرێک پیناچێت فریای ئەوە کەوتبن تا خۆیان بۆ کێشە ئایینیەکان و ئایینزاکان یەکلایی بکەنەوە، بەڵکو سەرقاڵی گرفتی سیاسی و پارێزگاریکردن بون لە کورسی و مانەوەیان لە دەسەڵات.

## ئەنجام

لە ئەنجامی گەڕان بەناو سەرچاوەکانی تایبەت بەو بوارە، گەیشتینە چەند ئەنجامێک، لەوانە:

1- مەغۆل، هێندەی وابەستەی یاساکانی مەغۆل بون هێندە وابەستەی ئایین نەبون، فرەئایینی لەنێو مەغۆلەکان باوبو، بەڵام زۆربەیان باوەڕیان بەخودا هەبو، لەگەڵ ئەوەشدا کێشەی ئایینی گرفتی بۆ دورست نەکردبون.

2- بەتێکەڵاوبونیان بەجیهانی ئیسلام، جگە لەکەسانی ئاسایی خان و دەسەڵاتدارەکانی مەغۆل بەشێکیان بون بەموسڵمان. لەگەڵ ئەوەی دوای موسڵمانبونیان تاماوەیێک لەجیاوازییە مەزهەبیەکان نەگەیشتون، بۆیە بەپێی کەسە نزیکەکان و ئەو ناوچانەی کە ئایینزاکەی تێدا بڵاوبو دەچونە سەر ئایینزاکە، گەلێک جار لە ماوەیێکی کورتدا ئایینزاکانیان دەگۆڕی و دەچونە سەر ئایینزاکەی تر.

3- کۆمەڵگەی مەغۆلی، کۆمەڵگەیێکی ناهۆشیاربون، بەگۆڕانی خانەکانیان بۆ ئایین یان بیروباوەڕێکی تر زۆر بەئاسانی بیروباوەڕیان دەگۆڕا، تەنانەت لەئایین و قوڵایی ئایین نەگەیشبون.

4- شیعەگەری لەوقۆناغەدا پەرەیسەند و پاشەکشەیی بەئایینزای سونني کرد، بەجۆرێک شیعەکان دەسەڵاتیان پەیداکرد تا ناو کۆشکی دەسەڵاتدارییتی ئیلخانەکانی فارس ڕۆیشتن، ڕۆڵیان لەسیاسەتی ئیلخانەکانی فارسدا دەبینی.

5- دواجار مەغۆل ئەو ڕێز و وابەستەیەیان بۆ یاساکانی مەغۆلی لەدەستدا، کە لەسەردەمی جەنگیزخانەوە هەیانبو، کەوتنە گیانی یەکتر و ململانێ، چاوتێبڕینیان بۆ دەسەڵات بەرژەوەندییەکان، مەغۆل توشی لاوازی و پەرتەوازەیی بون.

# The Role of Persian Ilkhani Khan in spreading Shia Idealism during the Mongolian time

**Goran Abdulla Dasani[1] - NERGS BAEZ HAMAD [2]**

[1]University Central Library, Koya University, koya, Kurdistan Region, Iraq.

[2] Department of History, Faculty of Educations, Koya University, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

The role of the Ilkhan kings in spreading altashyie. Although the Mongolians weren't abide by the rules of religion therefore they didn't have any sort of conflict over it but as they mixed with the world of Islam and converting to Islam they become part of the conflicts between sunnis and shias.The leaders become a sort of strength for either side that were accepted or refused by the Ilkhan kings.Thus in several phases altashyie grew and become the formal religion of the kingdom.They had dispute and and conflict with the sunnies.this is at a stage the Ilkhans did not understand and have not had the proper information about the Islam religion.Therefore,sometimes they completely regreted which of the two sides of the religion to choose and support.

**Keyword:** Idealism, Struggle, Islam, Mongol, shia.

## سەرچاوەکان

البدليسى: شرف خان، (1962م)، الشرفنامة، ترجمة الى العربية: محمد على عونى، نشر دار احياء الكتب العربية، عيسى اليابى الحلبى وشركاء، القاهرة.

ابن البطوطة: (د.ت)، رحلة ابن البطوطة المعرفة بتحفة النظار فى غرائب الأمصار وعجائب الأسفار، علق: محمد السعيد محمد الزينى، مكتبة التوفيقية، القاهره.

البغدادى: الامام عبدالقاهر بن طاهر، (2008)، الفرق بين الفرق، علق عليها: الشيخ ابراهيم رمضان، دار المعرفة، لبنان، بيروت.

ابن تغرى بردى: جمال الدين ابوالمحاسن، (1956م)، المنهل الصافى والمستوفى بعدالوافى، دارالكتب المصريه، القاهرة.

ابن تغرى بردى: جمال الدين ابوالمحاسن، (1968م)، النجوم الزاهرة فى ملوك مصر والقاهرة، الهيئة المصرية العامة للتاليف والنشر، القاهرة.

الجوزجانى: ابى عمر منهاج الدين عثمان منهاج السراج، (1828م)، طبقات ناصرى، المركز القومى الترجمة.

ابن خلدون، عبدالرحمن.(2000م)، ديوان المبتدأ والخبرفي تاريخ العرب والبربر, دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع, لبنان, بيروت.

خوندمير: غياث الدين بن همام الدين، (2535 شاهنشاهى)، دستور الوزراء شامل أحوال وزراى تا انقراض تيموريان، تصحيح ومقدمة، سعيد نفيسى، اقبال، تهران.

ابن دقماق: صارم الدين ابراهيم بن محمد بن ايدمر العلائى، (1999م)، نزهة الانام فى تاريخ الإسلام، تحقيق: د. سمير طبارة، المكتبة العضرية، لبنان، بيروت.

ابن العبرى: غريغورس ابن الفرج هارون المطى،(1983م)، تاريخ مختصر الدول، تصحيح الأب أنطوان صالحانى اليسوعى، دار الرائد اللبنانى, بيروت.

ابن كثير: حمادالدين أبو الفيدا اسماعيل, (1932م), البداية والنهاية, دار الكتب المصرية والطباعة, قاهيرة.

المقريزى: تقى الدين احمد بن على, (1939م), السلوك المعرفة دول الملوك، نشرة: محمد مصطفى زيادة، القاهرة.

الهمذانى: رشيد الدين فضل الله، (2000م)، جامع التواريخ تاريخ غازان خان، ترجمة: فؤاد عبدالمعطى الصياد، دار الثقافية للنشر، القاهرة.

الهمذانى: رشيدالدين, (د س)، جامع التواريخ تاريخ المغول الالخانين، نقل الى العربية: محمد صادق نشأت، فواد عبدالمعطى الصياد.

اقبال، عباس: (2000م)، تاريخ المغول منذ حملة جنكيزخان حتى قيام الدولة التيمورية، ت: عبدالوهاب علوب، المجمع الثقافى، أبوظبى.

الأمين: محسين،(1961م)، اعيان الشيعية، مطبعة الأنصاف، بيروت.

بدر: مصطفى طه، (1999م)، منصة الإسلام الكبرى (أوزدال الخلافة العباسية في بغداد على أيدى المغول)، الهيئة المصرية للكتاب، القاهرة.

بروكلمان: كارل، (2000م), تأريخ الشعوب الاسلامية، ت: نبيه امين فارس، منير البعلبكى، دار العالم الملاين، بيروت.

رنسيمان: ستيڤن، (1997م)، تاريخ الحروب الصليبية، ت: السيد الباز العرينى، القاهرة.

الجاف، حسن كريم: (2008م), الوجيز فى تأريخ ايران دراسة فى التاريخ السياسية، أراس، اربيل.

الخاليدى: اسماعيل عبدالعزيز، (1982م), المغول والدعوه الاسلامية فى القرنين السابع والثامن الهجريين، رسالة ماجستير.

الخاليدى، اسماعيل عبدالعزيز: (د س), العالم الاسلامى والغزو المغولى، مكتبة الفلاح، الكويت.

خصباك: جعفر حسين، (1968م), العراق فى عهد المغول الايلخانين. مطبعة العانى، بغداد.

الخضرى: الشيخ محمد, (2044م), محاضرات تاريخ الأمم الإسلامية الدولة العباسية، دارالكتب، لبنان، بيروت.

حلوايى: رقيه يوسفى، (1381هەتاوى)، روابط سياسى سلاجقه روم با ايلخانان، مؤسسه انتشارات امير كبير، تهران.

السامرائى وأخرون: خليل ابراهيم، (1988م)، تاريخ الدولة العربية الأسلامية فى العصر العباسى، الموصل.

سير توماس. و. أرنولد، (1975م), الدعوة الى الاسلام، ت: حسن ابراهيم حسن وأخرون، القاهرة.

شبولر: برتولد، (2008م)، العالم الاسلامى فى العصر المغولى، ترجمة الى العربية: خالد اسعد عيسى، دار احسان، ديمشق.

الصاوى: محمد، **(2012م)**، هولاكو الأمير السفاح، دار طيبة للطباعة، الجيزة.

الصياد: فواد عبدالمعطى، (1970م)، المغول فى التاريخ، بيروت.

الصياد: فواد عبدالمعطى، (1987م)، الشرق الاسلامى فى عهد الايلخانيين (أسرة هولاكو خان)، مركز الوثائق والدراسات الانسانية جامعة قطر، قطر.

العبادى: أحمد مختار، (2010ز)، و: نهاد جلال حبيب الله، مێژوى ئەيوبى مەملوكييەكان، نارين، هەولێر.

العرينى: السيد الباز، (1986م)، المغول، دار النهضة العربية، بيروت.

الغامدى: سعد بن محمد حذيفة، (1983م)، سقوط الدولة العباسية ودور الشيعة بين الحقيقة والاتهام، دار بن حذيفة، رياض.

الفهى: عبدالسلام عزيز، (1981م)، تاريخ الدولة المغولية فى ايران، دار المعارف، مكتبة الاسكندرية، كورنيش النيل، القاهرة.

القزاز: محمد صالح داود، (1970م)، الحياة السياسية فى العراق فى عهد السيطرة المغولية، مطبعة القضائى، النجف.

كرافولسكى: دوروتيا، (1993م)، العرب وايران: ديراسات فى التاريخ والادب من المنضور الايديولوجى،ت الالمانية: رضوان السيد، بيروت.